کاریگەری مان لەسەر هۆشبیری تاک بە نموونە (شاری سەران).. محبوبە حسەن حمد و محمد رمضان محمد

(لەکۆینەوەیەکی مەیدانیە)
توژینەوەیەکە پشکشی بشی کوردی/ فاکۆلتیی ئاداب کراوە لە زانکۆی سەران وەک بشک لە پداویستی بدەست هنانی بەوانامی بەکالۆریۆس لە بواری ئدەبی کوردی

لە لایەن قوتابیان:
محبوبە حسەن حمد
محمد رمضان محمد

بە سەرپەرشتی:
م. کازم شەخ حسەن

بە خوندنەوەی ئم لکۆینەوەیە کلیکی ئرەبکن..

Mahbuba_Muhamad_2024Download

کە "فەیدە" دەبتە میوانی "پشەو".. زگار عومەر

وەکو زربەی ەژانی هفتە بیانیان زوو یك دوو کاتژمر لە پارک کات بسەر دەبم. ئم بیانیە دوای وەرزش لە گەڵ "بشدارعوسمان" بە حەوانەوەی دوای وەرزش چووین قاوەمان خواردەوە. لەم دانیشتنە بشدار شیعرکی مامستا "عبدواللە پشەو"ی بە خوندمەوە بە نەوی (هم تم خشدەوە هم ئویش)، کە زر کاریگری لسەرم دانا، بشدار ەیشت و من لەو پارکە هر ئخولامەوەو بیرم لدەکردەوە دەتووت من یکم جارە گوم لە شیعری مامستا پشەو بووبت. کە

هاتمەوە هەر لە خیاڵم بوو ئەو شیعرە هەر لە خیاڵم بوو، بۆیە پێوەندیم کردەوە بە بەشدار و دەقەکەی بە ناردم، کە وەکو دەقیش هاتە بەرچاوم زانیم من لەبەردەم ئیشکی گەورەدام ، هەروەها دەنیابووم کە لەبەردەم ێیسکەکی گەورە دام لە بەکارهێنانی "فرێید" بە تەگەیشتن لە پەشەوا! چونکە سیگمەند فرێید، باوکی شیکاری دەروونی، حەزکی قووڵی لە یەکتربینی دەروونناسی و ئەدەب، بەتایبەتی شیعر هەبوو. ئەو پڵی وابوو ئەدەب وەك بەرهەمکی عەقڵی مرۆڤ، پێنجەرەیەکی دەگمەن دەکاتەوە بە ناو ئەو پاڵنەر و غەریزە نائاگایانەی کە ڕەفتاری مرۆڤ لە قاڵب دەدەن.
بەچوونەکانی فرێید سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی غەریزەکان لە ئەدەبدا ڕەگ و ڕیشەی لە تیۆرییە فراوانەکانیدا هەیە سەبارەت "بە دەروون" کە تێیدا گریمانە دەکات بەشکی زۆری ڕەفتاری مرۆڤ لە ژێر کاریگەری ئارەزووە نائاگاکاندایە، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بە خەشوێستی و سێکس و شەڕانگێزییەوە هەیە.
فرێید شیعری وەك فۆرمکی بەهێزی تایبەت لە ئەدەبیات دەبینی کە دەتوانێت ئەم پاڵنەرە نائاگایانە ئاشکرا بکات. زۆرجار لە شیکارییەکانیدا سەرنجی لەسەر ئەوە بوو کە چۆن شاعیران غەریزە سەرەتاییەکانیان دەکەنە چوارچێوەیکی باڵا بە دەربڕینی داهێنەرانە. پەسەی بە چوارچێوەکردن وبە باڵاکردنی غەریزەکان لە ئەدەبدا، بە بۆای فرێید، میکانیزمکی بەرگرییە کە تێیدا پاڵنەرەکان یان ئایدیالیزەکردنی "قبووڵنەکراو" لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەگەڕێن بە کردار یان ڕەفتارو پەسەندکراوەکی کۆمەڵایەتی کە مەقبولیەتی هەبێت وفیلتەرەکانی کلتور ببڕێت، کە زۆرجار لە ئەنجامدا دەستکەوتکی خودی پەسەکە دەبێتە چاکسازیەکی سادە یان گەورە بە هەناسەیکی زیاتر لە کولتوورە داخراوەکاندا. شیعر بە زمانە دەوڵەمەندە ڕەمزییەکەی و قووڵایی سەزداریەوە، فۆرمکی گونجاوە ئەگەر پەشمەرجە ئیستاتیکەکان و دەوڵەمەندی زمانەوانیەکەی وەڵامی ئەم پەسە بووبێت.
کاتێک باس لە شاعیرانی پیاو دەکرێت، فرێید بە تایبەتی گرنگی بەو شتە دەدا کە چۆن بەرهەمکانیان ڕەنگدانەوەی قووڵترین ئارەزوو و ململانێ "چارەنەکراوەکانیانن"، کە زۆرجار ڕەگیان لە ئەزموونە سەرەتاییەکانی خەشوێستیدا بوو. فرێید بەناوبانگ بوو کە دەیگوت خەشوێستی یەکەمی پیاو کە بە شۆیکی تایبەت لە سەرەتای منداڵیدا ئەزموون دەکرێت، جۆپەنجەیکی نەساوە لەسەر دەروونی بەجێدەهێڵێت.
ئەم وابەستەییە سەرەتاییە، زۆرجار بە دایک یان کەسایەتییەکی دایک، پێوەندییە سەزداریەکانی داهاتوو و دەربڕینە داهێنەرکانی

لە قالب دەدات.
لە چوارچێوەی شیعردا فرەید پێی وابوو کە شاعیرانی پیاو زۆرجار لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە سەردانی ئەم خەشوەیستییە سەرەتاییە دەکەنەوە. شیعرەکانیان دەبێتە ئامرازێک بۆ پرسەسکردن و گۆڕان و هەندەکجار ئایدیالیزەکردنی ئەم خەشوەیستییە یەکەم، کە بە درێژایی ژیانیان وەک کاریگەرییەکی بەهێز، هەرچەندە زۆرجار نائاگایین، دەمێنێتەوە.
بە نموونە شیکارییەکانی فرەید بۆ بەرهەمەکانی یەهان ڤۆڤگانگ ڤۆن گۆتە، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن ئازموونە سەرەتاییەکانی شاعیر و خەشوەیستییە یەکەمەکانی شاعیر کاریگەرییان لەسەر شیعرەکەی هەبووە.
تێوانینەکانی فرەید بۆ ڕەنگدانەوەی غەریزەکان لە ئەدەبدا، بەتایبەتی شیعر، جێخت لەسەر ئەو بیرکەیە دەکەنەوە کە بەرهەمە داهێنەرەکان تەنها دەربڕینی هونەری نین بۆکو "بۆگێنامەی دەروونیشن" کە کارەکانی ناوەوەی عەقڵی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن، کە بە ئازموونە سەرەتاییەکان و ئارزووە نائاگاکان لە قالب دراون.
بە شاعیرانی پیاو، کاریگەریی هەمیشەیی خەشوەیستی یەکەمیان، تەوەری سەرەکییە، کە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی قووڵایی سۆزداری و ئاڵۆزی لە بەرهەمەکانیاندا دابین دەکات.
لە کۆتاییدا، ڕوانگەی فرەید سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی غەریزەکان لە ئەدەبدا جێخت لەسەر پەیوەندی قووڵی نێوان دەربڕینی داهێنەرانە و عەقڵی نائاگا دەکاتەوە. لە چاویلکەی شیکاری دەروونییەوە، شیعر وەک میدیایەکی بەهێز سەرهەڵدەدات کە غەریزە سەرەتاییەکان و ئازموونە سۆزدارییە سەرەتاییەکان بەرز دەکرێنەوە بۆ ناو دروستکردنی هونەری، تێوانینەکی قووڵ بۆ بارودۆخی مرۆڤ پێشکەش دەکەن. بەر لەوەی بچمە ناو شیکردنەوەکە لام گرنگە خوێنەران دەقەکە ببینن وبیخوێنەوە:-

هەم تەم خەشدەوە هەم ئەویش
عەبدوللە پێشەو
کە من تەنیا جارێک بژیم
هەم تەم خەشدەوە، هەم ئەویش
کە من تەنیا جارێک بژیم
نە تیشکی ڕۆژ دەتارێنم،
نە تریفەی مانگەشەویش

ئەگەر دوو جار ژیابام
خۆشویستم هەر تە دەبووی لەمیانا
لەویتردا
ئەوم دەکرد بە تاقانە
بەڵام... چبکەم!
کە من تەنیا جارێک بژیم،
چارەم نییە،
هەم تەم خۆشدەوێ، هەم ئەویش
هەم تیشکی ڕۆژ دەپەرستم،
هەم تریفەی مانگشەویش!
« دیوانی "ڕۆژ نییە لەتان تووڕە نەبم" ١٩٧٩
شیکردنەوەی ئەم شیعرە لە چاویلکەی تیۆرییەکانی سیگمەند فرۆید سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی غەریزەی پیاو لە شیعردا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چۆن ئارەزووی نائاگا و ململانێ ناوخۆییەکان لە دەقە داهێنەرەکاندا دەردەکەون.
شیعرەکە پیاوێک دەخاتە ڕوو کە لە نێوان دوو ژندا لێت بووە، کە بە مانگ و خۆر بەراوردیان دەکات. ئەم "دووانەیی و بەراوردکردنە" پێشنیاری ململانێیەکی قوویی ناوخۆیی شاعیر دەکات، کە ڕەنگدانەوەی چەمکی فرۆیدە بە خۆشویست یان مەحبوبەی یەکەم.
لەم شیعرەدا دەکرێ ئەو دوو ژنە وەک نوێنەرایەتی لایەنە جیاوازەکانی حەز و غەریزەی شاعیر سەیر بکرێن.
((کە من تەنیا جارێک بژیم/
هەم تەم خۆشدەوێ/ هەم ئەویش))
فرۆید پێی وابوو کە ئارەزووە چارەسەرنەکراوەکانی پێوەندییە سەرەتاییەکان زەرجار لە تەمەنی گەورەییدا سەرهەڵدەنەوە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ڕەمانسیدا. ڕاگەیاندنی خۆشویستی شاعیر بە هەردوو ژنەکە لە یەک کاتدا ئاماژەیە بە ململانێیەک بە ئاشتکردنەوەی ئەو ئارەزووە کەبەکارانە.
ئەم خۆشویستییە دووانەیە دەتوانرێت وەک دەرکەوتنی پەداویستییە "سەزداریە چارەسەرنەکراوەکان" و سەختی کۆنەکردنی ئەم غەریزانە بە پێوەندییەکی تاک و پەسەندکراوی کەڵایەتی لێکبدرێتەوە.
کە من تەنیا جارێک بژیم/
نە تیشکی ڕۆژ دەترسنم/
نە تریفەی مانگشەویش
وێنەسازیی "ڕووناکی ڕۆژ" و "ڕووناکی مانگ" هەمای ئەو سیفەتە

جیاوازانەن کە ئەو دوو ژنە نوێنەرایەتی دەکەن. خۆر، یان ووناکی ڕۆژ، دەتوانرێت پەیوەست بکرێت بە هۆشیاری و ووونی و ڕەنگە ڕۆژهەندی کەمەایەتییش بگرێتەوە، لە کاتێکدا مانگ، یان تیشکی مانگ، پێشنیاری نائاگایی و نهێنی و ئارزووە شاراوەکان دەکات.

لێرە بە ئاسانی دەتوانین بڵێین: ئەم دێرە وەک هەوڵی شاعیر بۆ هاوسەنگکردنی پابەندبوونە هۆشیارەکانی لایەك، لەگەڵ ئارزووە نائاگاکانیەتی ، کە ڕەنگدانەوەی گرژییە سروشتییەکەیە لە پێسەی لە چوارچێوە دانان و بە باڵا کردنی غەریزە بۆ فەرمانکانی پەسەندکراوی کەمەایەتی.

ئەگەر دوو جار ژیابام/
خۆشویستم هەر تۆ دەبووی لەمیانا/
لەویتردا
ئەوم دەکرد بە تاقانە/
بەڵام… چبکەم!

ئەم دێرانە؛ خواستی شاعیر بۆ چارەسەرکی مەحاڵ ئاشکرا دەکات- هەبوونی دوو ژیان و دوو ژن بۆ تەرکردنی سۆز و خۆشویستییە دابەشبووەکانی.

تێری فرێید بۆ "بۆدیهێنانی ئاوات یان ئارزوو" لێرەدا دیارە، کە شاعیر گوزارشت لە خواستێکی قووڵ و دەستنەکەوتوو دەکات.

دەروونی شاعیرەکە لە ڕەگەی شیعرەکە بەکارهێنانی "ناوەڕاست" و "تاکە" چارەسەرکی ئایدیالیزەکراو پێشنیار دەکات کە هەر ژنێک بتوانرێت بە بە ململانێ بۆ تەواوی خۆشبوونت، کە لە واقیعدا، بۆ مەحاڵی دەمێنێتەوە.

کە من تەنیا جارێک بژیم/
چارەم نییە/
هەم تەم خۆشدەوێ/ هەم ئاوێش/
هەم تیشکی ڕۆژ دەپەرستم/
هەم تریفەی مانگشەوێش!/

دێڕەکانی کۆتایی جەخت لەسەر قبوڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی شاعیر بۆ دەخی خۆی دەکەنەوە. دووبارەبوونەوەی "تەنها یەکجار دەژیم" جەخت لەسەر حەتمییەتی ململانێیەکی دەکاتەوە، لە کاتێکدا "چارەسەر نییە" سروشتی هێنەرهاتووی غەریزە دابەشبووەکانی پیشان دەدات.

کردەی پەرستنی "هەردوو تیشکی خۆر" ئاماژەیە بۆ ڕەزگرتنەکی قووڵ بۆ هەردوو ئاوێنەکەی، کە ڕەنگدانەوەیە بۆ بەتوانایی شاعیر لە هەبژاردن و لیست کردنی کامیان یەکەم کامیان دووەم، ئاو ئاوێنی پاکی دابەشبوو بەسەر دووبەش ڕەگەی پێنەدا ێیسکی بۆ یەکەم کردن و بۆ دووەم کردنی هیچ لە ئافرەتکان بکات. ئەم دەخە تەنیا

تایبەت نیە بە دوو ئافرەتەکە بەڵکو ئیعتیراف کردنکی دڕوونیشە بە لەتبوونی دڕوونی شاعیر خۆی، لەڕ دڕوونی شاعیر بە ئاوەی فشار لەم میحنەتە کەم بکاتەوە دە لە تەکستەکە خۆی دەناسێنێ بە " ئاوانیتر" ، ئەمە ئەو چرکەساتانەیە کە "دانپدانانێک" دڕوونی شاعیرێك لە فەرمی داهێنانکی شیعریدا بە ئاڵوزیی ئارەزووکانی مرۆڤ دەخرێتە ڕوو کە بە ئاسانی چارەسەر ناکرێ.
لە کۆتاییدا دەتوانین لە چاویلکەی فرەیدیەوە ئەم شیعرە وەک گۆڕانکی قووڵ لە غەریزە نائاگاکانی شاعیر و ململانێ ناوخۆییەکانی شاعیر سەیر بکرێت.
یەکخستنی خەر و مانگ، دەربڕینی خۆشویستی دووانەیی و تامەزرۆیی بە چارەسەرکی دەستنەکەوتوو، هەموویان ڕەنگدانەوەی ئەو بنەما دڕوونیەیە قووڵانەن کە فرەید پێیوابوو ڕەفتاری مرۆڤ و دەربڕینی داهێنەرانەیان لە قاڵب داوە.
شیعرەکە وەک وێنایەکی زیندوو دەبینرێت کە چەن غەریزە و ئارەزووە چارەسەرنەکراوەکانی پیاوان لە شیعردا دەنگدەزنەوە، تابلۆیەکی دەوڵەمەندی قووڵایی سەزداری و دڕوونی پشکش بکەن، عەبدوللە پشەو لەم تەکستەدا شاعیر نیە، بەڵکو نیگارکێشێکی ڕاستگۆ و پە لە جوانییە.

لێساڵێژی مەرگی "خواناس"دا!..
تاهیر عیسا

ئازیزم خواناس!
واساڵێک بە سەر تکانی خوێنی بە ناڕەوا ڕژاوتدا تێپەڕبوو
جارێکی دیکە ئاوانی داماوو کەڵ لە وێنام و تەقیوو پساو
لەپرسیارو گومان،
سەلماندیانەوە کە ئاوی هەتا هەنوکەی هەناون، لەژیکی شمشێرو قەتل
و قیتال بووە نک لەژیکی جەدەل و گفت وگۆ
ئازیزم خواناس! هەرچەندە من،
بەسەدان فرسخ لەگەڵ ئارامکەتەوە دوورم!
بەڵام دەمەوێت بڵێم،
بەئەندازەی ئەو دووریە و بەڵکو بەکەتایش و هەتا دەی دەست و

ئازیزانت و هاوچارەنووسانت، بیخوازن لە ئێستای بکوژەکانت دوورم !
نەک هەر ئەو بکوژانەی وەکو قایینس، هێشتای شوومی مژوو هەتا ئێرەی هەناون!
بەڵکو ئەوانەش کە لەناو فەنتازیسی فاسیدو موفسیدی جووت زەنیدا
بەرژەوەندییان ئەو دەخوازێت ئەم جەوجانەوەرانەش لەچوار دەوریاندا وەک تەونی جاجاکە، کەمەگا بەیری ژەنگاویان تان وپۆکەن،
خەڵکی لەنەوان ژیان و مەرگدا دووچاری سەرگێژەو نائومێدی کەن!
ئازیزم! نەمدەزانی تۆ چەن خوانەناسێک و خوانەناسێک بووی!
بەهام ئەو کەمەگایەو ژیان وژیاریشی، کەتە عاشقیان بووبوویت و لەپەناویاندا وەک پەپوولە بەیان سوتایت و دواجاریش پەگەیەکی ئارام نەبوو بۆ ژیانت، چ ئەوساو چ ئەمەش لەبەرامبەر مەرگی کەستکەوتوتدا لە گەڕەکەت ئارامترو بەدەنگترن،
بەنی ئادەمایەتیدان دەت بەوچیرۆکەی تەیان، بۆ ئەبەد
پێ لەژیان ئەستاند.
ئازیزم خوانەناس، ئەوساتانەی تەیان لەژیان تەراند، من کەم وزۆر پەت ئاشنا نەبووم
تەنانەت ئاشنای هیچکام لە ڕوانگاو خەون و ئەندێشەکانیشت نەبووم!
بە جارەکیش پێم نەکەوتەتە ئەو پەگەیەی تیایدا چاوت بەژیان هەڵهێناوە، چاویشتیان لەژیاندا پێداخستیت،
ئاشنای ژیاندەستێ هەرباڵاکەشت نەبووم
ئاشنای هونەرو شیعرو مەسیقا ناوازەکانیشت نەبووم
بەهام ئەوەی کت وپەو بروسکەئاسا تەی بەمن ناساند
ئەوەی ناخی جوانی تەی ژیاندەستی بەمن ئاواڵاکرد و
ئەوەی دەنگ وسەداو ناوەڕۆکی جوانی شیعرو سەدای شیعر خوێنینتی بەگوێچکەم گەیاند
ئەوەی ئەدای جوانیی شانەیەتی بەمن پیشاندا
ئازیزم تۆ نەبووی
میدیاو سەسیال میدیاش نەبوو
ئادیەو ڕۆژنامە و تیڤیە دووەووکانیش نەبوون!؟
بەڵکو ئەوە، ئەو مەرگە شوومە بوو
چیرۆکە تاڕادیاکەتی بە گشت کون وکەلەبەرێکی دنیاداگەیاند!
لەکوێ گوێچکەیەکی زمانحاڵی کوردی لەبووبێت
لەوەدا، ئەگەر پەیامی تاریک پەرستان، بەنج و نابیستەو نادیدەی نەکردبێت
لەوەدا تۆ حیکایەتەکی غەدرلێکراوبوویت
لەوەدا تۆ تەزو خەمەشی سوتاوی جەستەی حەلاجی لەدیجلەکراودا

بوویت
لەوەدا تۆ هەزاران ئەنفالی نوگرەسەلمانی ئازاردیدەی دەستی حەجاجی شەقوەشێنی دامەن سوتێتی ئەنفال بوویت!
ئەوەی بروسکئاسا هەواڵی مەرگی ناوەختێتی بە گشت کون وکەلەبەرێکی دنیا گەیاند
ئەو زوەمە بەئەندازە گەورەیە بوو کە بە پارەزگاری لە خودای تاریک بینە چەقبەستوەکانی مێژوویەکی زەر دەرین کرا
ئەوانە بووون، کە دەیانوەت مێژوو لە ڕابردوویەکی دووری زەر مەحاڵدا بووەستێنن
دەیانوەت هەموان لەوچیرەکە کۆن و پڕ ئەفسانەیەی مێژووی قەزەونی سەرهەڵدانیدا، بتاسێنن
ئەوە ئەو زوەمە گەورەیە بووو بەرامبەر تەی «خواناس» ی دەروون جوانی خوانەناس کرا
لەمەرگی تەدا ئازیزم خواناس!؟
من باشتر خودای ئەوانم ناسیی و لە خوداناسی ئەوانیش باشتر تێگەیشتم
زانیم ئەوەی لەخودای ئەوان بەدووربێت وەک تەی ئازیز چەندە سالم وسەلیم و شیعردەست و مەسیقاپەروەرو چەندە ژیان شەیدایە!
ئەوەی لەشی نزیک بێت وەک فتواچیەکان وبکوژەکانت چەندە دڕ ندەو وەحشیی و وزاڵم وناقەڵایە!
بەڵام ئەوەندە دەزانم کە خوداناسی ئەم شەمشەمەکوێرانە
چبەڵاو چکارەساتێکی درەژمەودایە
بە سەر هەرچی زیندەوەری سەر ئەم دنیایە
ئازیزم خواناس!
کەسێک نییە خوداناس بێت وەختێک "خودا" تەنیا زادەی ترس و نائومێدی مرۆڤی کاڵفامی نەوەی نیاندرتاڵ و هەمەسپیان بێت!
زادەی خەیاڵئاسای مرۆڤی سەردەمی بەردبێت
خوداناسی ئەوان مایەی ئەو ناحەقیە گەورەیەبوو، کەلەتیەکی خاوەن هەوئیاو پرسیارکرا
لەتیەکی خاوەن شک وگومانکرا
ئازیزم دەزانم کە پرسیارو گومان بە کەسکی خاوەن هەش وخاوەن بیر، چەندە ئاسایین کەلەزاتی هەرمرۆڤکی ئازای وەک تەدا چەکەردەکەن.
دەزانی، ئەو مامەستایەی لەوێژدانەوە لە پێگەی بەرپرسیارێتی گەیاندنی زانست و زانیاریکانیدایەو مامەستایەو لەهەوەی وەڵامی گشت پرسیارکی قوتابیکانیدایە
چەندە داناو زانایە!؟
بەڵام ئەوەی گرفتی لە پرسیارەو ئەوەی ترسی لە گومانە

تەنیا ئەڵای هەبەستراوو داتاشراوی نازانا و نادانایە!
ئازیزم، خواناس، بەقەد جوانیت بە قەد گەنجێتیت
بەقەد کزەی جەرگی ئازیزانت منیش کزەی جەرگم دێت وناهەڕەتم
منیش پەرەشانی خوێنی بەناهەواوا ئاواتم
ئەگەرچی تە ئەستا بەجێستە
لەناو کەی شیعرو نۆتەی موسیقاو ستێجی شانۆنامەکانتا واساکە
دابەندراوی!
ئەگەرچی تە ئەستا لەپیاسەی ئەوارانەی سەرشەستەکانی شارچکە
وێشومەکێت تەرەندراوی!
بەنام یادەوەریەکانت و چیرەکە تاژیدیاکێت،
وەک چیرەکی حەلاج و فەرەج فەدەو عەبدولخالق مەعروف و فەرهادفەرەج
و شاپورو قابیل و ماریاکان، هەزاران هەزار قوربانی دیکەی دامەن
ئەم خوافاتیانەی مەژووی دین، نەوە لەدوای نەوەو سەدە لەدوای
سەدە میژوو دێبات، دێبات، دێبات و بەردەوام بە نەوەکانی
داهاتووی دەگەنتەوە
هەتا لە کەناری دنیایەکی ئارام و یەکسان و بە پوول وپارەو بەزۆم
وزارو چەوساندنەوەو بە چینی جەراو جەردا
کە ئیتر لەوە هیچ ئایدیاو دینێک هەکاری چەواشەو فریودانی فەقیرو
نەدار نییە!
لەوکەنارەدا، کەس عەودالی بەهەشتەکی خەیالی
لەپەناوی ئوباری شیرو شەراب و هەنگوین و سەکسی حەفتا حۆریەو
غیلمان نییە،
کەس عەودالی پارویەک نان و خەزگەو ئاواتی سفرەو ژەمەکی ئازاوی
چەژدار نییە
کەسێک عەودالی، کەکەکەی سەرمایەو قازانجپەرەستی نییە!
لەوەدا سوختەو دەسکەاتە زالمە سەروخەکیەکان بوونیان نییە
ئەوی هەیەو دەسکەاتی کەهایە
وشیاری و مرۆڤی کامە و باکاو دانایە
لەوەدا نەبافەکان و نەمەسرورەکان و بابەکان بوونیان ماوە
نەباسێک لەبارەیان!
مەگەر تەنیا لە گەشەیەکی بچوکی عەنتیکەخانەو مەتحەفەکاندا
بتوانیت شتەکیان لەبارەیەوە ببیستی و ببینی وبخوێنیتەوە
نەئەردەغان و نە خامنەیی و
نە بایدن و نە پوتین و نەشی جین پینگەکان هەن
نەمیدیاو کەناڵی تیڤی و میدیاکارو ئەژنامەوانی
چەواشەکارو کاسەلەس و چەکاو خەر هەن
نە ئەکادیمیست و خاوەن دکترای ویژدان فرۆشی بەقیمەتی ناخ بەتاڵی

چەنەباز هەن!
لووتدا ئیدی شتێکی زەنەکانیش نەماوە
هەتا هەڵوەڵەکان ولەتیف سەلەفییە داوێن بگەنەکان لەدژی ململانێی نەوانیان و موتیع و گوڵەیکردنی حەشاماتی کەمەگاو بەلادابرانیان و سەرمستکرانیان بە بەهەشتی مەوعودە،
هەوساریان بڕەسابکرێت و بەئارەزویان ئاوێ لەکاتی جەنگی بەبۆمبەرکەیاندا وەک هۆشت ونەریتکی شەرانگێزی، وێداوە، بیئاخننە مشکی لاوانەوە.
لووتدا ئیدی، باسک لەو هەزاران مزگەوت و بەندگەو کەنار و ئادیەو هەژنامەو ملیاران دۆلارە نەماوە، وەک ئەمڕۆ بخرێتە ئیختیاریانەوە کەمەگا بە جەنگ وکوشتاری ئانگەندراو ئامادەکەن،
دین و مەسحەف و تۆراتەکەی، مەگەر وەک هەر کلتور وکەلەپورێکی دیکەی وەک حەل ومەخەک و خەخاڵ و چارگەو تورکەو بۆنەو جاجمەو تیرەک ونانبرشک کوندەو ستریشک و کەندوو و ستڵک و کولدین و نیرو ئامورو دەیان وسەدان عەنتیکەی کەلەپوری دیکە لە مەتحەفەکان و عەنتیکە خانەکان، بە بەسەر بردنی کاتی بەتاڵی و وەبیرهێناوەی، مژوی پڕ لە عەجایب وغەرایبی ئابردوو تەماشا بکرێن!؟

تاهیر عیسا
21/6/2024

هاوبەشی لە تاواندا.. عوسمانی حاجی مارف

هەکخراوی "بتسەلم" ناوەندی زانیاری ئیسرائیل بە مافەکانی مرۆڤ، رایگەیاندوە ٢.٢ ملیۆن کەس هاژ و شەو بەبە خواردن لە غەززە تەدەپەنن، لەوانەش کەرپە، منداڵ، ژنانی دووگیان یان شیردەر و بساڵاچوان...، لەگەڵ ئاوەی ژمارەیەکی زەر لە بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەکخراوە مرۆییەکان، هەشداریان داوە سبارەت بەو دەخی ئاو برستێتی لە غەززەدایە، لەهەمان کاتدا فشارەکی زەری جیهانی دەخرێتە بەرامبەر ئەم کردارە درەندانەیەی ئیسرائیل، بەتام ئیسرائیل بەردەوام لە هەگریکردن لە هاتنە ناوەوەی یارمەتییە

مرۆیی گرنگەکان بۆ غەزە.
ئەمریکا دەتوانێ بڕستی و کوشتار و برسێتی لە غەزە ڕاگرێت، بەڵام نایکات، واتە هەڵوێستی عەمەلی دەربارەی بڕار نەگرتن بەو کوشتار و برسێتییەی کە بڕامبەر بە دانیشتوانی غەزەی دەکرێت هەبژاردووە، ئەتوانین بڵێین ئەمریکا بەهاوبەشی جینۆسایت دادەنرێت. هاوبەشێ لە درێژکردنەوەی داگیرکارییەک کە تێیدا ئیسرائیل تەواوی فشاری خۆی دەخاتە سەر خەڵکی غەزەو برسیان دەکات بۆ ئەوەی ملکەچ بن.
بەپێی هەڵوێستنامەکانی (حوزەیرانی ١٩٧٧)ی جنێف و پەیماننامەی هەمای دادگای تاوانێ نێودەوڵەتییەکان، برسیکردنی خەڵکی مەدەنی وەک شێوازێکی شەڕ قەدەغەیە و تاوانی جەنگ پێکدەهێنێت، ئەم تاوانانەی ئیسرائیل و هاوبەشی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان قیزەونترین کردارەکە، دەرکەوتەی ئەو پڕی شەرمەزارییە لە مێژوی بەشەریەتدا کە لە بڕامبەر مافەسەرەتاییە مرۆییەکان ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بە ئاشکرا هەڵوەشاندەوەی تەواوی ئەو ڕێکەوتننامانەو پەیماننامانەیە دەوڵەتیانەیە کە لەبڕامبەر جەنگکاندا بریاریان لەسەر دراوە، پەشێنگی ئەم پەشەلکردنەش دەوڵەتی ئیسرائیل و دەوڵەتی ئەمریکایە، بایدن و ناتانیاهۆیە.
ئەمریکا دەتوانێ ئەم کوشتار و برسیێتیە ڕاگرێت بەڵام هیچی نەکردووە. دەکرێت نەاردنی چەک بە ئیسرائیل ڕابگرێت و ئیسرائیلیەکان ناچار بکات ئاگربەست قبوڵ بکەن، بەڵام لەبری ئەوە هەگری لە هەموو پەشنیارەکانی هەنانەدی ئاگربەستی هەمیشەیی لە غەزە کردوە. هەروەها دەکرا پاڵ بە ئیسرائیلەوە بنێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە کاتییەی کە لەلایەن دادگای نێودەوڵەتییەوە دەرچووە، بەڵام لەبری ئەوە هەوێیدا بڕیارەکە بە بایەخ بکات. واشنتۆن دانی بەوەدا ناوە کە ئیسرائیل لانی کەم هاتنی خۆراک بە غەزە سنووردار دەکات، ئەمەش کارەکە کە تەنانەت هەکخراوە ئیسرائیلیەکان وەک سیاسەتی برسێتی وەسفیان کردووە، بەڵام بەردەوام بووە لە دەربینی پشتیوانی خۆی بە ئەو کەسانەی کە بەرپرسیارن لەم کارە قێزەونانە.
سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا باش دەزانێت ئیسرائیل لە سەرتاوە تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام داوەو دەیدات، وەک بە ئاماژەکی شەڕ قەدەغەیە و تاوانی جەنگ پێکدەهێنێت، ئەم تاوانانەی ئیسرائیل و هاوبەشی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان قیزەونترین کردارەکە، دەرکەوتەی ئەو پڕی شەرمەزارییە لە مێژوی بەشەریەتدا کە لە بڕامبەر مافەسەرەتاییە مرۆییەکان ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بە ئاشکرا هەڵوەشاندەوەی تەواوی ئەو ڕێکەوتننامانەو پەیماننامانەیە دەوڵەتیانەیە کە لەبڕامبەر جەنگکاندا بریاریان لەسەر دراوە، پەشێنگی ئەم پەشەلکردنەش دەوڵەتی ئیسرائیل و دەوڵەتی ئەمریکایە، بایدن و ناتانیاهۆیە.
ئەمریکا دەتوانێ ئەم کوشتار و برسیێتیە ڕاگرێت بەڵام هیچی نەکردووە. دەکرێت نەاردنی چەک بە ئیسرائیل ڕابگرێت و ئیسرائیلیەکان ناچار بکات ئاگربەست قبوڵ بکەن، بەڵام لەبری ئەوە هەگری لە هەموو پەشنیارەکانی هەنانەدی ئاگربەستی هەمیشەیی لە غەزە کردوە. هەروەها دەکرا پاڵ بە ئیسرائیلەوە بنێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە کاتییەی کە لەلایەن دادگای نێودەوڵەتییەوە دەرچووە، بەڵام لەبری ئەوە هەوێیدا بڕیارەکە بە بایەخ بکات. واشنتۆن دانی بەوەدا ناوە کە ئیسرائیل لانی کەم هاتنی خۆراک بە غەزە سنووردار دەکات، ئەمەش کارەکە کە تەنانەت هەکخراوە ئیسرائیلیەکان وەک سیاسەتی برسێتی وەسفیان کردووە، بەڵام بەردەوام بووە لە دەربینی پشتیوانی خۆی بە ئەو کەسانەی کە بەرپرسیارن لەم کارە قێزەونانە.
سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا باش دەزانێت ئیسرائیل لە سەرتاوە تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام داوەو دەیدات، وەک بە ئاماژەکی شەڕ قەدەغەیە و تاوانی جەنگ پێکدەهێنێت، ئەم تاوانانەی ئیسرائیل و هاوبەشی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان قیزەونترین کردارەکە، دەرکەوتەی ئەو پڕی شەرمەزارییە لە مێژوی بەشەریەتدا کە لە بڕامبەر مافەسەرەتاییە مرۆییەکان ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بە ئاشکرا هەڵوەشاندەوەی تەواوی ئەو ڕێکەوتننامانەو پەیماننامانەیە دەوڵەتیانەیە کە لەبڕامبەر جەنگکاندا بریاریان لەسەر دراوە، پەشێنگی ئەم پەشەلکردنەش دەوڵەتی ئیسرائیل و دەوڵەتی ئەمریکایە، بایدن و ناتانیاهۆیە.
ئەمریکا دەتوانێ ئەم کوشتار و برسیێتیە ڕاگرێت بەڵام هیچی نەکردووە. دەکرێت نەاردنی چەک بە ئیسرائیل ڕابگرێت و ئیسرائیلیەکان ناچار بکات ئاگربەست قبوڵ بکەن، بەڵام لەبری ئەوە هەگری لە هەموو پەشنیارەکانی هەنانەدی ئاگربەستی هەمیشەیی لە غەزە کردوە. هەروەها دەکرا پاڵ بە ئیسرائیلەوە بنێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە کاتییەی کە لەلایەن دادگای نێودەوڵەتییەوە دەرچووە، بەڵام لەبری ئەوە هەوێیدا بڕیارەکە بە بایەخ بکات. واشنتۆن دانی بەوەدا ناوە کە ئیسرائیل لانی کەم هاتنی خۆراک بە غەزە سنووردار دەکات، ئەمەش کارەکە کە تەنانەت هەکخراوە ئیسرائیلیەکان وەک سیاسەتی برسێتی وەسفیان کردووە، بەڵام بەردەوام بووە لە دەربینی پشتیوانی خۆی بە ئەو کەسانەی کە بەرپرسیارن لەم کارە قێزەونانە.

ئەمریکا بەردەوام بووە لە بەکارهێنانی قیتۆی خۆی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووکان لە دژی هەموو هەوڵێکی ئەو بڕیارنامانەی داوای ئاگربەست کرواە لە غەززە. ئەمریکا دژی ئەو دەسپێکە بوو کە ئەفریقای باشوور پێشکێشی دادگای نێودەوڵەتی کرد و ئیسرائیلی بە ئەنجامدانی کردەوەی جینۆساید تاوانبار کرد. لە هەمان کاتدا بەردەوامە لە دابینکردنی ئەو چەکانەی کە سوپای ئیسرائیل بە بەردەوامی خەڵکی مەدەنی لە غەززە بەکاری دەهێنێت.
پێویستە فراوان بوونەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە تەواوی دنیادا ئەم ملهوڕیەی ئیسرائیل و ئەمریکا ریسواکات و ڕاگرێت، کۆتایی بە داگیرکاری غەززە بهێنرێت، ناکرێت پەرجەکردار لە بەرامبەر ئەم برسێتی و کوشتارە بەکۆمەڵدا نیشان نەدەین و لە بەرامبەر بڕی دژی مرۆڤایەتی کە ئێستا ئیسرائیل و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان ئەنجامیدەن دەکەن نەوەستینەوە.
پێویستە بایدن و ناتانیاهۆ و ئەندامانی حکومەتەکانیان دادگایی بکرێن.

مامزاوا.. شیعری : عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

من عومرەکم لە مامزاوا بردیدە سەر
من منداری مامزاوا و لەوێندەرێش لەدایک بووم
خانووەکەمان سەری قووڵ بوو ساڵ نەبوو دەپڕی نەکا
زەراب ئەفسانە و خەیاڵ بوو .. جگەی چەکاو
وەک دەمارێی لەشی مرۆڤ بۆنو جێستەی خانووەکانی مامزاوا داکشابوو
لە مامزاوا دەستکورتی دەستی گێبووە هەموو ماڵێک
هیچ ماڵێکی دەستەیشتووی تێدا نەبوو
ئەمێی منداڵ شانازیمان بە ئانک و چۆغە دوو ڕەنگییە
لەکنەهاتییەکەی ئیختیاری گوندی دەکرد
شانازیمان بە هەژاری و بە بزەوی و تەنانەت بە شەڕەبەردی کەمانە
شاشکانی ئەو گوندش دەکرد
زەربە چووینە قوتابخانە ، مامستامان لا بەرز بوو
ئەفەندی بوو ، پاک و خاوێن

لە مامزاوا ژنان هەر زوو لەگەڵ دەروجەران باسی نەهامەتی ژینیان دەکرد
سەری زار و بنی زاریان (بەناشوکری نەبەتن) بوو
وەکوو ئەوەی ناشوکور بوون کوفرەکی قەبە و گەورە بە
خەمی شەیش وەک بەرچایی میوانی گشت ماڵەکان بوو
شەی ژن و مەردی دەستکورت، شەی منداڵانی گەڵەک
شەی ئەڤان و عەراق هەر مەپرسە ببووە بارەک بەسەر شانی ژیانی ئەو
خەڵکە سادە و نەخوێندەوارەی مامزاوا
جاحەرەکان.. لەبری کتێب خیندنەوە.. کەلایانەیان دەکرد و
زەربەشیان فیراری عەسکەری حکومەت بوون
کە موشتەرەکیان دەدی هەڵدەهاتن و پارە و کەلایان جێدەهێشت.
لە مامزاوا.. جگە لە سادەیی و دەباشی خەڵکەکەی، خاوەنی خەشوێستیش بوون
لەخەشی و ناخەشی یەکتر دەبوون بە یەک جەستەی زیندوو
ئەوان بە داتسەنەکەی حاجی مەغدید و هەندەکجاریش بە سواری ئەیم، دەچوونە شار
سەریان لە شەخەڵا دەدا و هەندەک تەچا و شەکر و قەند و ئەن و نەعل و جەمەدانی و
دوو سێ مەتری قوماشیشیان لە کەوا و کراسی داکی منداڵەکانیان دەکەی.
چ جوانیەک بوو مامزاوا..وەختێ ئەوو لە باکوور دەتەوانیە چیای سەفین
لە دوورەوە پیرە قەڵا و منارە دەهاتنە بەرچاو
ئای چەند جوان بوو لە شەواندا سەگەکانیش نەدەحەپین
مەگەر غەریبەیەک بهاتبایە گوندی.
من عومرەکم لە مامزاوا بردیتە سەر
چار پێنج ساڵ جیرانی ماری جەواهیر و خدرەسەر بووم
ئەو ژن و پیاوەی حەوشەیان بە منداڵی سەلکە و بنکە مانای نەبوو
شەوەک مەفرزەیەک پێشمەرگە لە چالاکی هاتنە گوندی
خدرەسەریان وەپێش خەدا لە چاوساغی
من نازانم هەندە نەبە، پلکە جەواهیری جیران لەو شەوەو کە خدرەسەریان وەپێشدا
هەتا مردیش جلکی ڕەشی فەڕ نەدا.
****
ئێستا دوای چل ساڵ مامزاوا لە بەتەی شارەکی مردوو و
لە گەڕستانی قەڕەباغی بەدەربەستی غەرق بووە و دیار نەماوە.
جوانیەکانی بوون بە کەفی سەر لافاوی ئەو غەریبییەی

کە تەقولبابی لە دڕگای هەمووان هەسان
من جوانییەکانی مامزاوام لە یادگەی خەم هەگرتووە و
هەرچی کاتە بەوە سەری لەدەدەم.
وەکو جگەرگۆشکانم، گەر سەرمای بێ،
سەپای سەز و عەشق و وەفا پێدەکەم و
نەک لەفەکەم، بەتانی ڕوحی خەم دەنم و پێیدا دەدەم.

شیعری : عەبدوڵا سەلمان(مەشخەڵ)
ئازاری ٢٠٢٤

چەند تێبینییەک :
مامزاوا؛ گوندێک بوو کەوتبووە باشووری ڕۆژئاوای شاری هەولێر و ئێستاش گەڕەکێکی ئەو شارێیە.
موشتەرەکە؛ بەو مەفرەزە چەکدارەی حکومەتی بەعس دەگووترا کەڵە پۆلیس و جەیشی شەعبی و ئەمن پێکهاتبوو و لە کاتی شەڕی عەراق و ئێراندا، بەدوای فیراری عەسکەرییەوە بوون.
ئۆفەندی: بە کەسێک دەوترا کە قاتی چاکەت و پانتۆڵی دەپۆشی.
کۆلایانە: گوللانە، هەماتن.
داتسن : جۆرە پیکابێکی یەک تەنیی بوو و شۆڕی وەکو تیەتا فڵلاحی بوو.
ئیم؛ جۆرە پاسێک بوو قەبارە گەورە و بچووکی هەبوو، بە گواستنەوەی هاموشۆکەرانی نەوان گەڕەکانی شار و هەروەها شار و ئەردوگاکان و بە گوندە نزیک دەستکانیش؛ کەڵکی لەوەردەگیرا.
داکە منداران؛ هاوسەر یان هاوژین.
تەقولباب؛ لەدەرگا دان.

تا شارستانییەت پێشبکەوێت، خۆشویستی کەمتر دەبێتەوە!..

مۆنۆلۆگی نێوان.. نووسینی: ستیڤان شمزینی

مۆنۆلۆگی نێوان لە کتێبی (خۆشەویستی لە سەردەمی شرپنجە)دا

خەم: ئەمە لە سەردەمێکدا دژین چەرخی بادەستیی تەکنەلۆژیایە، شەوی خۆشەویستی لە سەردەمی تەکنەلۆژیا زۆر جیاوازە هەتا بە بڕاوورد بە ساتەوختی بابووننی شێوشی پیشسازیی. سێرە تا شارستانییەت پێشبکەوێت، خۆشەویستی کەمتر دەبێتەوە!! وەک ئەوەی ئەو دووانە لەسەر نەفیکردنی یەکتر وەستابن.

من: خەی شارستانی دیاردەیەکی ڕەمانسی نییە، بەڵکو لەسەر ستڕکتۆری دەڕوقی ڕەنراوە. تە سێرێک بکە ئەوەی ئەوروپای هەنایە ئەمڕۆ شێوشی پیشسازیی بوو، ئەو شێوشە فینەمینۆکی ئیستاتیکی نەبوو، بەڵکو لەسەر ڕەنجکێشانی چینی کرێکار دروستبوو، هەر ئەو ڕەنج و زەحمەتکێشانە بوو سەرنجی "مارکس"ی بەلای خێدا ڕاکێشا. بەوانە بە زەمەنێکی دەرینتر و لە هەڵومەرجانی میسر ڕابمێنە، کە زیاتر کێڵەی هەبووبێت و زەحمەتی زۆری خستبێتە ئەستێیان، هەڵومی ئەو فیرعەونە گەورەتر و ڕاقیتر بووە، تەنانەت باشتریش بەرگەی تێپەڕینی مێژووی گرتووە.

خەم: ئەوەی لە بیرت کرد، کرێکی مەبەستەکە بوو، ئەویش باسی پووکانەوەی خۆشەویستی بوو لە چاخی زانست و تەکنەلۆژیا، وەک ئەوەی خۆشەویستیش بشێک بووبێت لە پڕۆسەندنی قۆناغێکی مێژووییی ژیار، یان لەوانەیە لەژێر کاریگەریی بارودۆخێکدا وەک دایناسرێکان قەی تەکەوتبێت.

من: تەکنەلۆژیا بە قەدەر ڕەهەندە پۆزەتیڤکانی، هەڵشێیە و دەندشە.!، لە سایەی تەکنەلۆژیادا مرۆڤ بەرەو ئامڕ و ڕەبەتبوون هەنگاو دەنێت. ژیانی کەلەکتیڤی مرۆڤکان کەوتۆتە ناو دەڕوقیی سندووقە بچووکە سیحرییەکەوە "ئایپاد و مۆبایل". ڕەبێت دەتوانێت ڕۆبۆتی میکانیکیانەی مرۆڤ ببینێت، بەڵام ناتوانێت چالاکییەکی مرۆڤانەی چێشنی خۆشەویستی هەبێت، ئەی ئەو کاتەی مرۆڤ بووبێتە ڕەبێت چۆن داوای خۆشەویستی لە دەکەیت؟. خۆشەویستی لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا بووتە تراديسیۆنی هەزە پریمیتیڤکان، مەگەر لەناو خەڵکانی ئەمازۆندا بیدۆزینەوە.

خەم: تەنانەت پێوندییە کەمایەتییەکانیشمان کەوتوونەتە ژێر هەڵەشەی تەکنەلۆژیا. دیقەت بدە لەو ئامڕیی پلەی ستێیشنە نوێیەی

منداڵان کە هەر کام لە منداڵەکان دەتوانن لە مالی خیانەوە بشەوی بلوتوس لەگەڵ یەکتر یاری بکەن، ئەمە کارئاسانییە، بەڵام هەڵەشەش، تەنانەت پێشبینی دەکەم دوای سەدیەکی تر مرۆڤەکان نەتوانن لەمسی یەکتر بکەن، بە زمانی موبایلی زیرەک و ئامرە تەکنەلۆژییەکان نەبێت لە یەکتریش تێناگەن!. لەم قۆناغەدا ئەوەی وەک کەلەپوورەکیش نەماوەتەوە بگومان خۆشویستییە.

من: دەڵێک لە یەکێک لەو فیلمانەم بیر دەتەوە کە پاڵەوانی فیلمەکە دەڵێت "خودا لە دەزگەوە جوانتر دەبینرێت". ئەمە بە ئەوەی خۆشویستی ببینین یان مماڕسەی بکەین، دەبێت بینەر دڕەوەی ئەو بەهەشتە دروستکراوەی زانست و تەکنەلۆژیا، بە ماوەکیش بێت خەمان لە شپەلە کارە موگناتیسییەکان بشارێنەوە، هەرچەند ئەمە ئەستەمە تەواک پێکهاتە فیزیکییەکێت لە سەردەمی نانە تەکنەلۆژییدا بیت، وەک بیر و دەروون لە قۆناغی پێش شڕشی پیشەسازیی.

خەم: لەگەڵ ئەوەشدا تەکنەلۆژیا و فیزیای کوانتەم و نانە تەکنەلۆژیی خزمەتکی گەورە پێشکەشی مرۆڤ دەکەن، تە دەتوانیت لە ڕەی ماپەی "گوگڵ"ەوە هەندەی پێنجا ساڵ کتێب خوێندنەوەی باپیرت لە مانگەکدا زانیاریی بەدەست بخەیت، یان ئەو نەخشیانەی هەندەی جەنگی جیهانی یەکەم مرۆڤیان لەناوبرد، ئێستا بە هەی تەکنەلۆژیای نانەوە چارەسەریان بێتە ئاسانترین ڕێگا. ئەمە ڕووکارە پەزەتیڤەکەی تەکنەلۆژیایە کە نابێت بە ویژدان بین لە باسکردنی.

من: بابەتەکە قەزکردنەوە و بوغز نییە بەرامبەر بە تەکنەلۆژیا، قسە لەسەر کاریگەرییە نگەتیڤەکانێتی کە دەتوانم بە دووەیی بڵێم پتەرن لە ڕەهەندە پەزەتیڤەکانی. ئەمە لە بارەی چەمکی خۆشویستییەوە قسەمان دەکرد، هەر چەنەک بێت تەکنەلۆژیا بە ئەوەی مرۆستی بێت، خۆشویستی لەناو دڵەبات، ئەو شارستانێتییەی خۆشویستی تێدا نەبێت، دەست بەسەر هەموو گەردوونیشدا بگرێت شارستانییەکی مردووە، تەنانەت ئەگەر مردن خێیشی لەناو ببات!.

خەم: باس هاتە سەر مردن. خولیای نەمریی و گەڕان بە دوای نەمریدا، هەمیشە خولیایەکی دەرینی مرۆڤ بووە، نەمربوون مشکی مرۆڤی سەرتایی سەرقاڵ کردبوو، هەروەک چۆن مشکی مرۆڤی مودەرنیش بەدەر نییە لەم ویستە. کەچی شتەک مرۆڤی نوە لە میتەلۆجییە بابلییەکە جیا دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە لەو ئەفسانەیەدا "گلگامش" دوای مردنی "ئەنکیدە"ی هاوڕێی خۆشویستی، بە دوای نەمرییدا دەگەڕێت!، کەچی ئەو هەموو مرگە لە چوار دەورماندا وامان لێناکات بە جیددی و بە پاپشتی تەکنەلۆژیا بیرەک لە نەمریی بکەینەوە.

من: مرۆڤی هاوچەرخ بیر لە ژیان دەکاتەوە، چوونکە کاتی نییە بە بیرکردنەوە لە نەمریی، تەنانەت هەندە خەریک کراوە بە

چەمساریەکانی ژیانەوە، بەسەر ئەوەدا باز دەدات کە ژیان لەناو خۆیدا تەوی مردنی هەڵگرتووە. جیاواز لەمش هیچ کەسێک ناتوانێت مەرگ لە خۆیدا کەشف بکات.
خەم: پەموایە مرۆڤی هاوچەرخ چارەسەرێکی تری دەزیوەتەوە، ئەویش هەوەدانە بە نەمریەکی ڕەمزیی، نووسەرێک لە کاتی نووسینی کتێبەکدا دەیەوێت لەو ڕەگەیەوە خۆی بە کاتێکی درێژ بە زیندوویی بهێڵێتەوە، ئەمەش بە ڕوونی لە چاوپێکەوتنێکی "ژاک دریدا" لە کاتێکی نزیکی مەرگیدا ڕەنگیداوەتەوە کە ئەو هەستی تەدا بەدی دەکرێت خوازیارە بەو فەرمە ڕەمزییە نەمر بێت. جیا لەمش ئەوەی جێی سەرنجە نقومبوونی مرۆڤە لە ژیاندا!.
من: ئەمە تاکو لە مەرگ تێنەگەین توانامان نییە تەفسیری ژیان بکەین، ئەمە هەمان وێزەی فەلسەفشە لەکن پلاتۆ، بەو پێیەی لە دیدی ئەودا فەلسەفە واتە توانای تێگەیشتن لە مەرگ، بەڵام درێدا خۆی وەها دەبینێت مادام لە مەرگ تێنەگەیشتووە هەشتا فەری هونەری ژیانکردن نەبووە!. دەکرێت وەک شاعیرە ژاپۆنییەکە بڵێم خودی "ژیان بە پێی نزیکبوونەوەمان لە مردن، دەدرەوشێتەوە".
خەم: ئەو هەستەم هەیە سەبارەت بە تۆ، کە خۆی لە دوو فەرمی جودا دەبینێتەوە، فەرمی یەکەم، مەشقکردنە لەسەر ئەوەی مردن وەک دیاردەیەکی ترسناک بەڵام حەتمی قبوڵ بکەیت. فەرمی دووەم، کارکردنێتە لە بواری نووسین بە ئەوەی لەو ڕەگەیەوە خێت لە نێو زیندووەکاندا بهێڵیتەوە بە هەمیشە.
من: نەخێر بەو جۆرە نییە. من پەویستم بە پڵەکردنە، شتێکی سەیر سەرنجی ڕاکێشاوم، تا ئەو کاتەی گەنجیت و وزەت زۆرە بە نووسین، دەبێت بە خوێندنەوە سەرقاڵ بیت و هەوڵبدەیت هیچ نانووسیت کە تەمانیشت هەڵکشا ئەو سەرمایەیەی بە ئەزموون و خوێندنەوە پاشکەوتت کردووە وزەت نییە بە نووسینەوەی!. بەڵام من وا ناکەم چی فێر بووم بە زووی دەینووسم، ئەمە ڕاستیی منە. دەمەوێت شتێک هەیە بیگەیەنم، نازانم بە کێ؟ بەڵام دەزانم دەبێت ئەو پەیامەم بگات!.
خەم: کەواتە تۆ بە خەڵک دەنووسیت، وا نییە؟ بەڵام خەڵک هەمیشە گوێ بە زۆربژێی دەسەڵاتداران دەگرێت.
من: بە ئەو بڕشە لە خەڵک دەنووسم بیر دەکاتەوە، ئەگەرنا خەڵکم بە گرنگ نییە، چون خەڵک هەندە باش نین، تاکو ترسم لە ڕقیان بێت، خەم بە باشەیەکی ئازاد دەبینم نەک وەک زۆرینەی خەڵک بە مەگەلبوونی خەم ڕازی بم. هەر لە ڕیشەوە ڕقم لە کۆنسێپتی خەڵکە، لەبەرئەوەی بەوام بە تاک هەیە. کاری ڕاستەقینەم دژایەتی ئەو خووی خەڵکە بە کەمە چەپڵە بە ستەمکارانیان لە دەدەن، لە کاتێکدا من دەمەوێت

پەیکەری ئەو دیسپەتیزمە بەوخەنم.
خەم: پارادەکسەک دەبینم، تۆ بە خۆشک دەنووسیت، بەڵام ئەوەی دەیبینم هیچ کات خۆشناوێت، تەنانەت چاڕ لە نەیارێتی خۆشک وەردەگریت!.
من: لە ژیانمدا خەباتم کردووە دژی خۆشک و لە پێناوی پێگەیاندنی تاک دا. هەمیشە زەرینە لەسەر ڕێگا هەڵەکان!، هەمیشە خۆشک ناڕاستن و نامەوێت ڕێزامەندییان بەدەستبهێنم. کاتێک هەست بکەم زەرینە لەگەڵم تەبان، شتێک دەکەم جیاواز و نامە بە ئەوەی یەکانگیر نەبم لەگەڵ سروشتی سەزانیانەی خۆشک. هەمیشە حەزم لەوەیە ئەنتی بم لە بەرامبەر زەرینەدا، لەو سەنگەیەی ئەوەی ڕای گشتیی لەسەری تەبان، وەنایەکی ساختەی هەقیقەتە، تۆ وەناکە پێچەوانە بکەوە هەقیقەت لای تۆ دەبێت بە تەنیا. شتێکیش کە نابێت بیرم بچێت، ناو و ناونیشانی قەبە و زل لەسەر خەم دانانێم و دەداریی لەگەڵ سەزی خۆشک ناکەم، بەڵکو تەزاب ڕە دەکەمە سەر بریندارکانیان، ئەو منداڵە لاسارەی شانۆگەرییەکەی "ئەپسن"م کە بە پێچەوانەوەی هەموو خۆشکەوە سەرکەشی وتنی ڕاستییەکەی کرد و هاواری کرد "پادشا ڕووتە".
خەم: لەوە بگەڕێ ئەستا، دووبارە با بگەڕێنەوە سەر باسی خۆشەویستی، پێتوایە خۆشەویستی بەختەوەریی لە خۆ گرتبێت یان جارێک لە شێتی لە ئامێزیدا هەڵگرتووە؟.
من: بەختەوەریی لە هیچ شتێکدا بوونی نییە. بەڕاڤسکی دەیووت "زەربەی مرۆڤی سەر ڕووی جیهان شێت بوون". ڕەنگە گەلان بە دوای هەکارەکانی شێتیدا سەرئەنجام شێتمان بکات. بە ناو وەختێک سەیری ئەو دنیا لەنگەوقووچە دەکەین شێت دەبین، ئەگەریش شێت نەبین بە گووتەی بوکەڤسکی گەمژەین. ئەم جیهانە هەکارەکت ناداتێ بە خۆشبەختی!, بەڵکو لە بناغەوە بەختەوەریی دڕێکە لە چێشنی ئازادیی!. مرۆڤی ئەم چاخە مەحکومە بە گەمە "گلگامێش"یەکە، ئەو تا مردن بە دوای وەهمی نەمریدا دەگەڕا، ئەمەش تاکوو شێتبوون بە دوای بەختەوەرییدا.
خەم: کەواتە بۆچی خۆشەویستی دەکەین؟.
من: لەبەرئەوەی هیچ چارەیەکی ترمان نییە.

٢٠١٨-١١-٢٧
کاتژمێر: چواردە و پانزە خولەک
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

نووسینی: ستیڤان شەمزینی

لێدوانێک لەسەر «گۆڕانەوەم بۆ ئۆفریقا»ی پێشەوا کاکەیی.. عەلی حسێینی

شعر چیە و چ پێناسەیەکی بۆ لێبڕچاو گیراوە، پرسیارێکە کە دەتوانێت وەڵامگەلی جیاوازی هەبێت؛ جاری وایە ستەیەک کە لە زاری تاکەکی ئاسایی، منداڵێک یان تەنانەت دەوانەیەکەوە دێتە دەر، دەتوانێت شعریەتەکی زۆر بنوێنێ، بەڵام ئەو پێیگەلێ بە هەڵکەوتن و ئامانجدارانە نایانە خولقاندن؛ زەحمەتەکی ئەوتۆشیان بۆ ناکەشرێ و خەڵسکانێ دێنە بوونەوە. لایەنی شعرئاسای زمان ئەو لایەنەیە کە لە دۆقی واتادا دەربکەوێت و زۆینی بەردەنگ هاچەکێنێ و خودی بەردەنگ بەنێتێ هاتەکان. لە لایەکی ترەوە، شعرئاسابوونی زمانیش هەژڕیەی و ئەو دۆقەی بۆ تاکەک هاچەکێنەرێ، هەنگۆ بۆ تاکەکی تر ئاستی هاچەکێنەربوونی لە پلەیەکی خواردا بێت. هەبێت لە سەردەمەکەوە بۆ سەردەمەکی تر شعریەتی زمان دەتوانێت خوار و ژوور بکات. ئیلیاد و ئۆدیسەی هەمەر سەردەمانی خۆی شعریەتیان لە ئاستەکی باتادا بوو، بەڵام هەنگۆ بۆ سەردەمانی دواتر ئاستیان هاتبێتە خوارەوە. ئەمە لە حاڵەکدایە کە هەندەک جار بۆ هەندێ دۆق لەدایکبوونەوەیەکی شکۆمەند دروست دەبێت؛ لە بۆ پرەنسیپی و بڕهەڵدایەتیی بەڵەک دۆقی تازە بۆ ئەو دۆقانەی کە پێشتر ئەزلییەتیان سەلمێندراوە، لەدایکبوونەکی تازە و شکۆمەند دروست دەبێت. بۆ واتایەکی تر، بۆ بەنەی ناحەزبوونی دۆقە تازەکەوە، ئاوەی بەردەنگ ناوشیارانە دەچێتە سەر ئەو دۆقەی کە پێشتر تەکمەبوونی بۆ خوێنەر دەرکەوتووە. کە وابوو خوێنەر جارەکی تر بەشەک یان هەمووی دۆقە پێشووەکە دەخوێنێتەوە و شتی تازەی لەدەردەکەشێت. فاوستی گۆتە، غەزەلیاتی مەولانا، دیڤینا کۆمەدیای دانتە، لەم دواییانەدا دەربەندی پێپوولەی شرکە و... لەو دۆقانەن کە ئۆگرچی ئەزەلی بوونیان تا ئاستەکی بڕچاو سەلمێندراوە، لە ناتەکمەبوون و ناحەزبوونی دۆقە تازەکاندا زۆر جار دووبارە لە دایک دەبنەوە و بەردەنگ ئاوەکی شکۆماندانەتریان لەدەداتەوە. بۆ سەر هەموو خوار و ژوورکردنی زمانی شعردا هەشتاش ئەم زمانە لای

تاکەکان ھەژیین و ئاوەی لای تاکە زەر شەعرە لای تاکەکی تر زەر ناشەعرە؛ ئەگەرچی دەسەلاتی زەینی و فیکریی تاکەکان دەبەت لەبەرچاو بگیرەت. جاری وایە دەقەک یان شاعیرەک کە دواکەوتوویان زەرە نیشانەیەکی دەخشکەر نییە و ھەنگە لاوازەتیی دەقەکە یان شاعیر و نووسەرەکە بگەیەنەت؛ چون ئاستی بیرکردنەوە لە تاکەکاندا جیاوازی ھەیە دەبەت ئاوە لەبەرچاو بگیرەت کە چ تاکگەلەک چەپەلەدەری دەق و خاوەن دەقن.

لەناو نووسەران و قەڵەمبەدەستانی بەرەی تازەی باشووردا، بە ڕای من، پەشەوا کاکەیی لەو دەنگانەیە کە زەرەک لە دەقەکانی مەرکی مودەرنیتەیان پەوە دیارە و لە ھەمان کاتیشدا ھاوە دەدات پەیەکی لە ڕابردووەدا بەت و ھەچکەگەلی ناسراو ون نەکات و لە ئاستەکی باشدا ئەمە بە دوەنە و دوەنە بە ئەمەوە گرە بدات. زەر جار یەکە لە تایبەتمەندیگەلی ئەدەبیاتی مودەرن یان تەنانەت پاش مودەرن ئاوەیە کە لە ھەمان کاتدا دەقەکە دەبەت نوە بەت نابەت سەری گوریس تاقیکراوەکان بەر بدات. لە بەرگی یەکەمی «گەڕانوەم بە ئافریقا»دا کە لە یازدە بەش پەک ھاتووە و تایبەتە بە گەلانی وەاتی کینیا، نووسەر ھاوەکی زەری داوە کە ئەمە و دوەنە لەیەک نیزیک بکاتەوە. زەر جار بە شەوەیەکی ئامانجدار زمانی لە زمانە تاقیکراوەکان نیزیەک دەبەتەوە و زەر جاریش ھاوە دەدات سەربەخۆبوونی خەی نیشان بدات و پەشوازییەکی سەردەمیانە و نوە لە بەردەنگ بکات. لەم دەقەدا، وەک شاعیر خەی دەەت بە شەوەیەکی گەلەزانە ھاوە دەدرەت سەفەرگەلی ئیمەجینەری یان تەواو خەیاڵی بە وەاتگەلی تر بکرەت و فەرھەنگ و نەریتی ئاوان و ئاوە وەاتەی نووسەری لەدەژی، پەکاوە گرە بدرەت و جیھانەکی نوە چە بکرەت. ئەگەرچی ھەنگە ئەم کارە کارەکی دژوار بەت، چون بە ئاوەی مرۆڤ لە شوەنەکدا ژیابەت زەر سەختە بتوانەت وەنەگەلی شەعریی چەوپە و بی گرە و گەە لە سرووشت و شەوەی ژیان و فەرھەنگ و ھەسوکەوتی تاکەکان و ھەموو شتەکی ئاوە وەاتەی وا لە خەیاڵیدا سەفەری بە کردووە یان ھەنووکانە سەفەری بە دەکات، بخولقەنەت. لەو ڕووەوە زمانی شەعر زمانەکی وەنەیی یان ئیمەجینەرییە، شاعیر دەبەت لەو شتەی یان ئاو شتانەی وا تەنانەت ناستوخە دەیبینەت بە شەوەیەکی خەیاڵی وەنەساز بکات بە ئاوەی شەعرئاسابوونی زمانەکە بە خوەنەر بسەلمەنەت. لەم کارە نوەیەدا، شاعیر ناچارە دوو جار پەنا بباتە بەر خەیاڵ یان ئیمەجینەیشن؛ جاری یەکەم بە ئاو شتە یان ئاو شتانەی یان ئاو شوەن و کەسانەی کە لەڕە نین و تەنیا لە خەیاڵدا لەگەیان دەپەیقەت یان لە میدیادا دەیانبینەت، دەبەت پەنا بباتە

بەر وزەی خەیاڵ؛ جاری دووهەمیش وەک هەر شاعیرێکی دیکە بە ئەوەی دەقەکە لە شێعر نیزیک بکاتەوە، دەبێت لە خەیاڵ یارمەتی وەرگرێ تا ڕەزامەندانە بەردەنگ بە ڕێ بکات. لە ڕوانگەی نووسەری ئەم دێڕانەوە، شاعیر لە ئاستێکی بەرچاودا لەم بوارەدا سەرکەوتوو بووە، چون زەر جار وێنەکان بە بێ کۆشش و ڕێکوپێک یان بە ئەوەی نامۆییەکی زەریان تێدا بێ دی بکرێ دەبنە میوانی بەردەنگ و بەردەنگ پەیوەندییەکی شیاو لەگەڵ دەقەکە بگرێ.

بەجگە لەو شتانەی باسیان لێکرا، شاعیر توانیوێتی هەندێک جار بە ئەوەی بچێتە ناوەوەی ئەو ژینگەیە، ئەو شتە یان ئەو مرۆڤانەی کە بە پەیژەی خەیاڵ دەیانگاتێ دیسان چێشنە لە دیژوارێتیی پرسەی نووسین تاقی بکاتەوە. بەڵک جار نووسەر لەگەڵ مرۆڤکانی وەاتە خەیاڵییەکەدا یان ئەو وەاتەی تەنیا لە ڕێگەی میدیاوە دەیناسێ بە جوانی دێت و دەچێت، دەپەیقێت، حەیرانئاسا بە باڵایاندا دەڕێت؛ هەموو ئەم شتانە لە ئاستێکی شیاودا سەرکەوتوون، چون خوێنەر کەم و زەر دەتوانێت بچێتە ناو سفەرە خەیاڵییەکەوە. شاعیر خەیاڵ و زەینی خۆی لەسەر دەقەکە بە باشی وەکار خستووە بەیە لەو ساتەوەختەدا کە دەقەکە بە بوارێکی سێکشوالدا دەچێت و مرۆڤکان خەریکن سێکس دەکەن یان بە چەوپەی لە سێکس دەدوێن دەقەکە هەرگیز ناحەز یان پەخە نانوێنێ، چونکوو سێکشوالیتێ بوون و ئەدەبی بوونی دەقەکە بە چێشنێک ئاوێتە کراون کە بەردەنگ جازکەر نەبن. کاتێک دەقەکە بە لای سێکس یان خۆشەویستیی نەوان مرۆڤکاندا دەکشێت، چێشنە لە ئەدەبیەت و حەیران شەوەیی یان بەیت شەوەیی بە سەریدا زاڵ دەبێت کە خودبەخود زاخاو دەدرێ و پەخڵێتیی کەم دەبێتەوە. ئەمە نیشان دەدا کە نووسەر لە پرسەی نووسیندا لە ئابردوو و پوتانسیێلی زمانی کوردی بە باشی کەڵک وەردەگرێت. لەم سفەرە خەیاڵییەدا کە وەاتی کینیا هەبژێردراوە ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەم هەبژاردنە ئامانجدارە؛ شاعیر دەیتوانی کە وەاتێکی خۆش و ئاووهەوای تر و دڵەمەندتر هەبژێرێ، بەڵام ئەو کارەی نەکردووە، چون ویستوویەتی چارنووسی وەاتێکی کەم پشکوتوو لە هەموو بوارێکەوە بە وەاتەکەی خۆیەوە گرێبدات و بە وەاتبوون و ناوونبوونی چارنووسی گەلەکەی بنوێنێت، بەو هیوایەی کە ئەم دەقە بچێتە ناو زمانی گەلانی تریشەوە و ناوونبوونی چارنووسی گەلەکەی بدرێ بە گوێی جیهاندا.

بە گشتی دەستخۆشی لە نووسەر دەکەم و ئارزووی تەندروستیی بۆ دەکەم؛ لە کۆتاییدا یک شت کە زەر پێویستە بیڵەم ئەوەیە کە زمانی

شاعیر لەم کتێبەدا و لە کتێبەکانی تر وەک گەردووننامە و... هەندێ جار هەبێت نێ بە هۆیەکی زۆر بە ئاقارێکدا دەڕوات کە وەک قسەی ئاسایی لێدێت؛ هۆنگە لەو شوێنانەدا وا مەسیقای دەقەکە دادەکشێت زۆرتر هەست بەم خاڵە نەرمنیە بکرێت.

سەرچاوەکان:

١. طلا در مس، رضا براهنی،
٢. ادبیات چیست، ژان پۆل سارتەر.
٣. شعر زمان ما، نیما یوشیج، محمد حقوقی.

گرنگییەکانی خۆیا و خۆیاکردن بە منداڵان.. ڕزا شوان

لەگەڵ بوونی مرۆڤ لەسەر هەسارەی زەویدا، خۆیا و خۆیاکردن هاودەمی مرۆڤ بووە. خۆیا بەشکی گرنگی لە ژیانی ڕۆژانەمان. هەموو ئەو داهێنان و پێشکەوتن و شارستانی و گەڕانکاریەی نوێیانەی کە مرۆڤ بەدی هێناون و بەدییان دەهێنن. لە سایەی خۆیادا هاتوونەتەدی و دێنەدی. ڕاستییەکانی ئەمەمان خۆیا و خۆنەکانی دوێنەمانن، خۆیا وخۆنەکانی ئەمەشمان، دەبنە ڕاستییەکانی سبەینەمان. چونکە خۆیا کلیلی داهێنانەکانە. پێکهاتەیەکی بنەڕەتییە لە پێکهێنانی داهێنانەدا. بۆیە گرنگیدان بە خۆیا پێویستییەکە لە هەر پێویستییەی گرنگەکانی مرۆڤ لە هەر تەمەنێکدا بێت.
(تایلەر) دەڵێت:"ئەوە هەزی خۆیاکردنە کە کارەبای ئەم شارەی بەدیهێناوە".

(جان جاک ڕوسۆ) دەڵێت:"جیهانی ڕاستی سنووری هەیە، بەڵام جیهانی خۆیا سنووری نییە".
ئەوە هەزی خۆیاە کە مرۆڤی گەیاندە سەر مانگ و گەڕاندیەوە بە سەر زەوی، هەر خۆیایی داهێنەرانەش، بەم زووانە مرۆڤ دەگەیەنێتە سەر هەسارەی مەریخ.

ئەوە خۆیاە وا لە مرۆڤ دەکات گەشبین و هیوادار بێت و بە ژیانی

چەقبەستوو قایل نەبێت. هەمیشە هەوای داهێنانی تازە و گەشانکاری و پێشکەوتن و هێنانەدیی خوونکانی بدات. خەیاڵکردن و داهێنانیش هەموو بواركانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە. چەمکی خەیاڵ، بە درێژایی مێژوو سەرنجی بیرمەندانی بە لای خۆی راکێشاوە.
بەڵام بیرمەندان و رۆخنەگران و نووسەران لە پێناسەکردن و ڕاڤەکردن و دیاریکردنی چەمکی وشەی"خەیاڵ" دا، ناکۆکن و هاوڕانین. بەڵام هەموویان لە بارەی گرنگی خەیاڵەوە هاوڕان. گەلێک پێناسەی جیاواز بۆ چەمکی خەیاڵ کراوە. بە کورتی، وەک:
خەیاڵ بریتییە لە توانای دروستکردنی وێنە زێنییەکان کە لە ڕاستییەکی بەرجەستەیی و بەرکەوتوودا بوونیان نییە. لەسەر بنەمای بۆشک لە توخمە هەبووەکان. خەیاڵکردن ئامرازێکی تاقیکردنەوە و بیرکردنەوە و چالاکیی داهێنرانە و شیکردنەوە و پێکەوەنان و فەربوونە. خەیاڵ بەوە ناسراوە توانای دروستکردنی وێنەی بینراوی لەناو مێشکی مرۆڤدا هەیە. خەیاڵکردن ئامرازێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.
خەیاڵکردن بەو لێهاتوویییە دەوترێت، کە بە بێ ئەوەی هیچ پێدراوێکی دەمودەست لە هەستەکانەوە بوونی هەبێت. یان خەیاڵ بە لاساییکردنەوە دروست دەبێت. بەو شتەی کە بەم جۆرە لە زێندا دروست بووە دەوترێت خەیاڵ.
(وێبیستەر) دەڵێت:"خەیاڵ توانای دروستکردنی وێنەیەکە لە مێشکدا، دەربارەی شتێک کە نە بینیوتە و نە تاقیتکردۆتەوە، واتا توانای خەیاڵکردنی شتی نوێ".
ئەوش وتراوە کە خەیاڵکردن، پێکهاتن و شێوەگرتنی بەسەرهاتێکە لەناو زێندا. لەوانیە بەسەرهاتەکانی رابردوو کە بە ڕووتی لەبیردا ماونەتەوە خوقاندەتیانەوە، یان ئەوەی کە زێن دایهێنابێت. یان لە پێکهێنای وێنەی داهێنراوی جیاواز، دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، کە پێوەندی بە رابردوو یا ئەمڕۆ یا بە داهاتووەوە هەیە، کە پێشتر مرۆڤ بەو بابەتەدا تێنەپەڕیوە. ئەو کەسە لە شارەزایی و لە هەزر و پێشبینی و تێگەیشتنی خەیاڵ هەیهێنجاندووە و لە مێشک و هەزریدا گەلاڵە بووە.

خەیاڵ بەوش پێناسە دەکرێت کە کردارێکی ئاقڵی زانستی یە. خەیاڵی داهێنرانە پاڵپشتێکی بەهێزە بە داهێنان و گونجاندن لەگەڵ ژینگەدا.
بە شێوەیەکی گشتی خەیاڵ بەو پێناسە دەکرێت، کە

بریتیی لە توانای ئەقڵی بۆ تاقیکردنەوە و دۆزینەوەی تازە و بۆ بنیاتنان و پێکەوەنان و داهێنان.
(ئەرستۆ) ش دەڵێت:"خەیاڵ بریتیی لەو پرسیارەی کە لە میانیەوە وەڵامێکی زیهنی دانوستێت"
(ئەلبێرت ئەینیشتاین) دەڵێت:"خەیاڵ گرنگترە لە زانین". زۆر جار زانین سنووردارە بەو شتانەی کە هەیە. لۆژیک لە (ئەلف) ەوە بۆ (یێ) یە. بەڵام خەیاڵ چەمکەکە، لۆژیک و سنووری نییە. خەیاڵ دەتباتە هەر شوێنێک کە بتەوێت. نە بازگەی لە هەیە و نە پاسپۆرتیشی دەوێت. هەر بۆ خەیاڵیش ئایندەیەکی دەخوازێ بنیات دەنێیت.
(کارڵ مارکس) دەڵێت:"ئەو کەسەی خەیاڵی نەبێت، باڵیشی نییە". بەیەڵەو کەسەش هەژارتر نییە کە لە خەیاڵدا هەژارە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، وەکو ئەینیشتاین دەڵێت:
"راستی هەمیشە لە خەیاڵ سەیرترە"
شاعیری ئینگلیزی (کریستۆفەر) دەڵێت:"یەکەم تەوانا کە پێویستە گرنگی پێبدەین، پێش ئەوەی ژێنگ بکات، خەیاڵە. ئەو خەیاڵە وامان لێدەکات، کە هەموو ڕۆژێک بۆ تازەیی لە جیهان بڕوانین".
پێویستە ئەوەش بزانین جیاوازییەکی زۆر لە پلەی خەیاڵکردن لە نێوان خەڵکیدا هەیە. مرۆڤ هەیە خەیاڵ تیژە، هەیە خەیاڵ ناوەندییە، هەشە خەیاڵ کزە.

گرنگییەکانی خەیاڵ بۆ منداڵان:
بۆ وتەی خاتوو (میلانیا کلاین) خەیاڵی منداڵان لەکاتی لەدایکبوونیانەوە دەستپێدەکات. کەواتە منداڵان ژیانیان بە خەیاڵ دەستپێدەکەن. دواتر وردە وردە دەچنە ناو جیهانی ڕاستەقینەی سەختەوە. بەڵام لوتکەی خەیاڵی منداڵان لە تەمەنی سێ تا شەش ساڵییە، واتا لە قۆناغی پێش قوتابخانەی بنەڕەتی. خەیاڵی منداڵان فراوانە و خەیاڵ زاڵە بەسەر بیرکردنەوەکانیاندا. منداڵان کاتێک کە لە جیهانی ئەفسووناویی خەیاڵییاندا دەژین، دەخەش و میهرەبانن و ئاسوودەن.
دکتۆر (سەزان ئەنگیل) نووسەری کتێبی (منداڵانی ڕاستەقینە: دروستکردنی واتا لە ژیانی ڕۆژانەدا) دەڵێت:" منداڵان لە تەمەنی دوو ساڵ و نیودا، جیاوازی نێوان ڕاستی و نواندن دەزانن، بەڵام لە کاتی یاریکردندا، دەتوانن ئەو جیاوازییە پشتگوێ بخەن، کە بە لایانەوە گرنگ نییە".
خەیاڵ و خەون بینین لەلای منداڵان، پانتاییەکی ئازادی داهێنانە،

فزایەکی بە سنوور و ئاسۆیەکی فراوانەوە زۆرێک لە بیرکەکانیان و بە هیوا و ئاوات و ئارزووەکانیان. هەموو شتێک کە منداڵان نەتوانن لە راستیدا بەدەستبهێنن، پەنا بە خەیاڵ و خەون دەبەن بە قەرەبووکردنەوەی.
خەیاڵی منداڵان، ئەو ئامرازەیە کە رێگەیان پێدەدات لە باردەخ راستی و سنوور و کات و شوێن تێپەڕن. منداڵان لە رێگەی خەیاڵەوە، گەشتی ئەوپەڕی جیهان دەکەن.
(س. ج. میلبرانت) دەڵێت:"لە منداڵەکانت بگەڕێن، با باڵەکانیان تاقی بکەنەوە. لەوانەیە نەبن بە هەڵە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە نابێت بە ئازادی بفڕن".
شارەزایان جەخت لەسەر پێویستی پەرەپێدانی هەستی خەیاڵی منداڵان دەکەنەوە. تا لە منداڵییەوە، تەوی داهێنان و باڵادەستی، لە دەروون و زەینیاندا بچێنن. تا لە گەورەیدا ببن بە کەسانێکی سەرکەوتوو و چالاک لە کەمگەکەیاندا. چونکە خەیاڵ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیی منداڵان هەیە.
خەیاڵی منداڵان بە دوو بە دوو قەناغدا تێدەپەڕێت:
١ـ خەیاڵی وەهمی: خەیاڵی منداڵانی بچووک لەم قەناغەدا، خەیاڵێکی کەویلە. بە سنووردارکردنی راستییەوە، سنووردار نەکراوە. ملکەچی یاساکانی لۆژیک نین. لە رێگەی خەیاڵی وەهمییەوە، ئەو ئارزووانەیان بەدی دەهێنن، کە لە راستیدا ناتوانن بەدەستیان بهێنن. جیهانێکی خەیاڵی وەنەوشەیی دروستدەکەن، کە تێیدا هەموو ئارزووەکانیان بەدی دەهێنن. کە لە جیهانی راستیدا، هیچ رێگەیەک نییە بە بەدەستهێنانیان. لەبەردەم خەیاڵی فراوانی بە سنووریاندا، هیچ ئاستەم و بەربەستێک نییە. لە کورترین کاتدا، لەناو کەشتییەکی دروستکراو لە کارتۆن، یا بە سواری پەنووسەکانیان. دەتوانن بە چاونووقانێک، بچنە سەر مانگ یان سەر دوورترین هەسارەکان و بگەڕێنەوە. بەڵام لە راستیدا ئەمەیان پەناکرێت. خەیاڵی وەهمی، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی منداڵاندا، یارمەتیان دەدات بە دروستکردنی جیهانێکی ئەفسانەیی و ئەفسوونەاوی و فانتازیی سەرنجڕاکێش. لەم قۆناغەدا منداڵان خۆشباوەڕن. باوەڕیان بەوە هەیە، کە ئاژەڵ و باڵندە و دار و بەر و هەموو شتەکانی تر زمان دەزانن. دەتوانن بە کوردییەکی پەتی قسەبکەن. دەتوانن، بڕۆن و بێن، گوێ بگرن، دەخەشبن، پێکەنن، هەڵەپەڕن، چاکەخوازبن یان خراپەکاربن، یارمەتیدەر و

فریادڕەسبەن،...هتد.

٢ـ خەیاڵی داهێنەرانە: لە ئەنجامی گۆڕکردن و پەرەپێدانی دەروون و زەینی منداڵانی قوتابخانەی بنەڕەتی، منداڵان خەیاڵیان ئاراستەی ئامانجێکی زانستی دەکەن، کە لەسەر بنەمای وەهم دانەنراوە.

خەیاڵ گرنگییەکی زۆری هەیە لە یارمەتیدانی منداڵان، بۆ تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەریان. خەیاڵ بەشێکە لە چالاکییەکانی ڕۆژانەی منداڵان. ئەگەر شتێک هەبێت منداڵان تێیدا سەرکەوتووبن، ئەوا توانای خەیاڵکردن و دروستکردنی جیهانی تایبەتی خۆیانە. لە هەمووی گرنگتر منداڵان، خەیاڵەکانیان بە گیان بە دوای زانیاری و بیرکەی نوێدا بەکاردەهێنن. بۆ نموونە: کە سەردانی ڕووبارێک دەکەن، دەکرێت بەبێتە هۆی خەیاڵکردنیان لە ژیان لەناو ئاودا.
خەیاڵ لە منداڵاندا، یەکێکە لەو شتە بەسوودانەی کە بە شێوەیەکی سروشتی یارمەتی گەشەکردنی منداڵان دەدات. بۆ کورتی و بە چەی ئەمانە بەشێکن لە سوودەکانی خەیاڵکردنی منداڵان:
١ـ لە ساڵانی یەکەمی ژیانی منداڵاندا، خەیاڵ پێگە و جێگەیەکی گەورەی لە چالاکییەکانی ئەقڵی منداڵان پەیدەکاتەوە. زۆرێک لە بیرکەو یاری و هیواکانیان، لەسەر بنەمای خەیاڵ پێکهاتووون. خەیاڵ بوارێکی گرنگ و وروژێنەر لە گەشەکردنی منداڵان. هەموو منداڵێک دەرفەتی ئەوەی هەیە، کە پەرە بە داهێنان و بە خەیاڵی بدات.

٢ـ منداڵان لە ڕێگەی خەیاڵەوە، دەتوانن بەسەر بڕبەستەکانی کات و شوێن و بەسەر ئەستەمدا بازبدەن و سنووری هەزەکانی خەیان تێبپەڕێنن و دەستیان بە ئەوشتانە درێژبکەن و پەریان پێبدەن، کە لە ڕاستییدا ناتوانن بە دەستیان بهێنن.

٣ـ منداڵان لە ڕێگەی خەیاڵکردنەوە، دەتوانن بەسەر سەختییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا زاڵبن و ئاواتەکانیان بەدەست بهێنن. بڕەوامیش بەدوای هەموو شتێکدا دەگەڕێن کە تازە و بەسودبن. بەم شێوەیە گەشەیەکی گشتگیر و تەواو و هاوسەنگ بەدەست دەهێنن.

٤ــ خەیاڵ ڕەگەیەکی بە ڕەخستنی بڕیکی زۆری چالاکییەکانیانی منداڵان. بنەمایەکیش بۆ ڕاهێنانی توانا جووڵەییەکانیان و چالاکردنی دیکەیان.

٥ــ منداڵانی تەمەن شەش و هەشت و نۆ ساڵان، خەیاڵکانیان لە بازنەی سنووردارى ژینگە تێپەڕیوە. بەم ڕەهەندەش لە ڕەخنەکانی گۆشەکردنی خەیاڵی منداڵان، دەوترێت ڕەنگی خەیاڵی ئازاد، کە تێیدا تامەزرۆی ئەو وێنە زێنییە ئاڵەزانەن کە بەیان دەکەشن، یان بە خەیاڵی خەیان دروستیان دەکەن. بەیە ئارەزووی وێنەکێشان و چیرۆک و هێنراوە و پەخشان و شانۆ و ئۆپەرێت و دیالۆگ و بابەتی تر دەکەن.

٦ــ منداڵان تا تەمەنی دوانزە ساڵان، دەچنە قۆناغ و ڕەنگی تروە. کە لە ڕاستییەوە نزیکە. بایەخێکی زۆر بە ڕاستی دەدەن، بە ئەوەی کە واز لە خەیاڵکردن بهێنن.
٧ــ خەیاڵ یارمەتی گۆشەکردنی زانستی (مەعریفی) و سەزداریی منداڵان دەدات. یارمەتیان دەدات، بە بیرکردنەوە و داهێنان و بزواندنی تواناکانیان و گۆشەکردنی ئارەزوو و بەهرەکانی ژیانیان. بە دەزێنەوەی چارەسەری داهێنەرانەی ناوازە بە کێشەکانی ڕۆژانەی ژیانیان. یارمەتیان دەدات لە پرسەی پەروەردەی سەرەتایی.
٨ ــ تەژێنەوە جۆراجۆرەکانی زەرەک لە پسپۆرانی پەروەردەیی منداڵان، پشتڕاستیان کردەتەوە، کە خەیاڵ توانای پەرەپێدانی زیرەکی و لێهاتووی و متمانە بەخۆبوونی منداڵانی هەیە.
٩ــ منداڵان لە کاتی (یاریکردنی خەیاڵی) کە بە (یاریکردنی درامی) یش ناودەبرێت، لەگەڵ خەیان و لەگەڵ هاوڕێکانیاندا یاری دەکەن. ئەم یارییە تەنیا پشت بە خەیاڵ دەبەستێت. لە کاتی یاریکردندا، زۆر قسەدەکەن. بەیە لە ئەنجامی ئەم گفتوگۆیانەیاندا، زمانیان باشتردەبێت و وشەسازییان فراوانتر دەبێت. لە پێکهێنانی رستەدا باشتر دەبن. توانای پەیوەندیکردنی کەمایەتییشیان زیادەکات. هەستی هاوسۆزیی و پەیوەندیی هاوڕێتییان بەهێزتر و شیرینتر دەبێت. بە نموونە لە کوردەواریدا، کچانی بچووکی کورد (ماڵە باجێنە) دەکەن، کە یارییەکی خەیاڵی منداڵانە. یان یاریی (مامستا و قوتابیان) یان یاریی (دکتۆر و نەخۆش)،... هتد.
١٠ــ خەیاڵ لە گۆشەکردنی کۆسایەتی منداڵاندا، یەکێکە لە

فاکتەر هەر گرنگ و چارەنووسسازەکان. هانی منداڵان دەدات بە بیرکردنەوە و بە داهێنانی شتی نوێ.
١١ـ هاوڕێی خەیاڵی منداڵان، لەپێش چوونە قوتابخانەی بنەڕەتی، لە لای منداڵان باوە. کە هاوڕێی خەیاڵییان هەیە. وەک، بووکەڵەی باغە و پلاستیک و ورچۆکە و لە قەدیفە دروستکراو. یان پشیلە و کەروێشکی راستەقینە. دەروونناسان جەخت لەسەر سوودەکانی هاوڕێتی خەیاڵی بە منداڵان دەکەنەوە.
دەبینین کچێکی بچووک لەگەڵ بووکەشووشەکەیدا، ڕەزباش دەکات و قسەی لەگەڵدا دەکات، هەستەپێنەت و دەیخوێنێت وەک ئاوەی کە هاوڕێیەکی ڕاح لەبەربێت.
١٢ـ یارییە خەیاڵییەکان یارمەتیی منداڵان دەدەن، بە ئاوەی بە ڕەگەزێکی باشتر لە جیهانی دەوروبەریان بڕوانن و تێبگەن.
١٣ـ خەیاڵ و خەیاڵکردن، لە ئەنجامی بیرکردنەوەی ئەرێنیدا، یارمەتیی منداڵان دەدەن بە ئاوەی لە قوتابخانەدا، لە خوێندندا سەرکەوتوو و باڵادەست بن.
١٤ـ ئەو منداڵانەی کە توانای خەیاڵکردنیان هەیە، بە ڕەگەزێکی ڕوون، بە زەری کنجکاوین و حەزی خەرخستنیان هەیە، توانایەکی زیاتریان بە گوزارشتکردن لە هەستەکانیان و لە بیرکەکانیان هەیە، دەیانەوێت ئەم توانایانەیان بە هاوڕێکانیان و بە مامۆستاکانیان بسەلمێنن.
١٥ـ خەیاڵکردن گەشبینی و هیوا و دڵڕوون ئاسوودەیی، بە منداڵانی خەیاڵکەر دەبەخشێت. لە میانەی خەیاڵکردن لە ژیانێکی خۆشتر و لە داهاتوویەکی باشتر.

ئاوانە و چەندین سوود و گرنگی تری خەیاڵ و خەیاڵکردن بە منداڵان. گەلێ ڕەگەز و هەکار و ئامراز و کەرەستەش و بابەتی یاریکردنی جەراوجەر بەپێی تەمەنی منداڵان. هەن، دەتوانن یارمەتیی ڕاهێنان و گەشەکردنی خەیاڵی منداڵان بدەن. کە پێویستە دایکان و باوکان بە منداڵەکانیان دابینیان بکەن. هەندێکیش لە دایکان و باوکان، لە خەیاڵکردنی خەیاڵیی منداڵەکانیان نیگەرانن، لەوەی کە لە شتە ڕاستیەکان و لە جیهانی ڕاستیەوە دوورەکەونەوە و دەچنە ناو جیهانێکی فانتازیی دوور لە ڕاستیەوە. بەڵام لە ڕاستیدا گیروودەبوونی منداڵان بە خەیاڵکردن و بە یارییە خەیاڵییەکانەوە، ئارامی و ئاسوودەیی و دڵخۆشییان پێ دەبەخشن و گەڵانکاری لە ڕێتمی ژیانیان و لە شێوازی بیرکردنەوەیان و داهێنانیان

دۆکـۆن.

(*) بۆ نووسینی ئەم بابەتە، سوودم لە چەندین سایتی ئینگلیزی و عەرەبی وەرگرتووە.

رووتبـــوونەوە.. شیعـــری ســـتار ئەحمەد

رووتبەرەوە لەو وشانەی
هەرگیز نایانخوێنیتەوە
دارچوالەیەکی رەنگیبووی
با دەیزانی بەکاملادا هاتیتوچووی
کەهەناسەم دەبووە کاروانچی پرچەکەت
سەرت بەلای گۆڵا دەبرد
لەجوانی خاك رادەمایت و
لە ئەمەکت پاشگەزدەبووی
با وەکوو من قەلەندەرە
با وەکوو من
نەخشەی سینەتی لە بەرە
رووتبەرەوە لەتۆڕی خاك
لەگەڵاو گۆڕی خەزانت
کراسی شیعرێك لەبەرکە
تێی لەبەرە
دەزانی ئەشك
بینایی کانی تەناکا
زریان حەز لەبەهاری
بێئاوو بێفەڕ ناکا
شیعریش لە تۆ بێزار بووە
عەشقیش لەگەڵ کاڤامیتدا
لە خەونی کەسك کاڵبووەتەوە
وشەیش لەگەڵ رووتبوونەوەت
لەمەداری هێڵ لایداوە

لە بەمەیایت لاربووەتەوە
لەمگەڵ با بگریم بەسەر
پشاکیی سووتاوی گڵا
لەمگەڵ با بگریم بەسەر
وشکیی دڵا
روتبەرەوە لەو پەیقانەی
دەروون لێیان حاڵینابێ
روتبەرەوە لەو هەستانەی
عەشق لێیان خاڵینابێ

دەرکەوە وەك ناخی ئاڵت
ئاو فڕدەو
شنەی بایەك بکە باڵت
با دەزانێ
چۆن شەوانە سەما دەکەی
با دەزانێ
چۆن لەعەشقی پاك رادەکەی
با دەزانێت
با..با

ستار ئەحمەد

ئەمشەو.. شیعری شەهلا نوری

کەیلی دەم مەیلداری یارێ ئەمشەو
مەی فرۆشان بنەوێ ئەمشارێ ئەمشەو
لە غوربەتی ئیشقی یارا دەناڵنم
ئاشق ون و بێگانە نەوارێ ئەمشەو
نیگا و هەستم ئەربابی ژوان نیازێ
خەتای بیرێ ئامێز بێ سەردارێ ئەمشەو
دەی شەمع و پەروانە بەزمیان دیوێ
بێ تۆ خوا پەرستیش حەرامدارێ ئەمشەو
هەر لە کەسێ و مزگەوت و لە بتخانێ

دوور لەهانای ئەم دڵە بەدارە ئەمشەو
گریانی شەو خەندە و قریوەی مەستانە
کەعبە و بتخانە بە من وەک ژارە ئەمشەو
وەسەی دووری وەکو چەرخ و فەلەک بینیم
دەی تەنگم لەدەوری دەوارە ئەمشەو
نە عەقڵ و دڵ نە هەستم زانی تە لە کوێی
پەردەی دەی شەهلا لە سەردارە ئەمشەو

شه هلا نوری